# دیاریکردنی چارەنووس لە سەدەی بیست و یەک دا [1]

نووسەر: مۆنتێسترات گویبێرنائۆ
وەرگێڕ: ڕێزان عەبدوڵڵاهی

## • پوختە

*دیاریکردنـی چارەنـووس پرسـێکی سیاسی-یاسـاییە کە ئامـاژە بە مافی یاسـایی خەڵـک بۆ بڕیـاردان لە سـەر چارەنووسـی خۆیـان لـە تەکـوزی نێونەتەوەییـدا دەکات. دیاریکردنـی چارەنـووس کە بنەواشـەیەکی سـەرەکی یاسـای نێونەتەوەییـە لـە یاسـای بـاوی نێونەتەوەیـی دا سـەردەردێنێ، بـەڵام وەک بنەواشـەیەکی سـەرەکی یاسـاییش پشتڕاسـت دەکرێتـەوە و لـە نێـو کۆمەڵێـک پەیماننامـەی نێودەوڵەتـی دا دەپارێـزرێ. لـە پەیماننامـەی ڕێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتـووەکان و کۆنوانسـیۆنی نێونەتەوەیـی بـۆ مافـە مەدەنـی و سیاسـییەکان دا وەک مافێـک بـۆ هەمـوو خەڵـک پارێـزراوە. تێگەیشـتنە هاوچەرخـەکان لـە دیاریکردنـی چارەنـووس زۆر جـار جیـاوازی دادەنێـن لەنێـوان دیاریکردنـی چارەنووسـی «ناوخۆیـی» و «دەرەکـی»دا. بـاس لـەوە دەکـەن کـە دیاریکردنـی چارەنـووس بابەتێکـی ڕێژەییـە. دیاریکردنـی چارەنووسـی ناوخۆیی دەکـرێ ئامـاژە بـە مافـە جوراوجـۆرە سیاسـی و کۆمەڵایەتییـەکان بـکات. بەپێچەوانـەوە دیاریکردنـی چارەنووسـی دەرەکـی ئامـاژە بـە سـەربەخۆیی/جیابوونەوەی یاسـایی بـۆ خەڵکێکـی دیاریکـراو لـە نێـو دەوڵەتـە سیاسی-یاسـاییە گەورەکـە دەکات.*

---

١. ئەم وتارە وەرگێڕانەکە لە:
Montserrat Guibernau (2015) Self-determination in the Twenty-First Century, Ethnopolitics: Formerly Global Review of Ethnopolitics, 14:5, 540-546, DOI: 10.1080/17449057.2015.1051814

## دیاریکردنی چارەنووس چییە؟

پێناسـەکانی دیاریکردنـی چارەنـووس بەپێـی کات و شـوێن جیـاوازن. هەروەهـا بەپێـی کولتـووری سیاسـی دۆزەکـەش جیاوازیـی دێتـە ئـاراوە. سـێ دانـە پێناسـەی سـەرەکی گشـتی دیاریکردنـی چارەنـووس ئەمانـەن:

١) مافـی بەکۆمـەڵ بـۆ کۆمەڵێکـی دیاریکـراوی ئەتنیکـی، زمانـی، کولتـووری، یـان ئایینـی بـۆ دروسـت کـردن و بەڕێوەبردنـی دەوڵەتـی خۆیـان.

٢) مافـی خەڵـک بـۆ بڕیـاردان لەسـەر ئـەوەی کـە دەیانـەوێ چـۆن حوکـم بکرێـن و کـێ لـە حکومەتـدا نوێنەرایەتییـان بـکات؛ ئەمـە بنەمـای سـەرەکی بیـردۆزی دیموکراسـییە.

٣) بانگەشـەی بـۆ ئـەوە کـە هەمـوو نەتـەوەکان مافـی خۆیانـە کـە لە سـەر ئامانجـی سیاسـی هاوبـەش و ڕێکخراوە ئابـوری و سیاسـییەکانیان بڕیـار بـدەن. ئـەم ڕوانگەیـە هاوواتایـە لەگـەڵ بنەواشـەی سـەروەری و دەسـتتێوەرنەدان، تیشـکدەرەوەی تێگەیەکـی سـەرەکییە لـە کـردەوەی دیپلۆماتیـک و یاسـای نێونەتەوەیـی دا.

بنەواشـەی پاراسـتنی یەکپارچەیـی بەشـێکی گرنگـی تەکـوزی یاسـایی نێونەتەوەییـە و لـە پەیماننامـەی نەتەوەیەکگرتووەکانـدا دەپارێـزرێ، بەتایبـەت لـە مادەی ژمـارە ٢ لە پاراگرافـی چوارەم دا. لـە بنەڕەتـدا نەتەوە-دەوڵەت لـە هەمبـەر بنەواشـەی دیاریکردنـی چارەنـووس ڕادەوەسـتێ و بـە جێـی ئـەو بنەواشـەی ئەتۆنۆمـی بـۆ پاراسـتنی مافی بڕیـاردان دێتـە کایـەوە.

دەکـرێ شـوڕشـی کۆڵۆنییـە ئەمریکییـەکان لـە دژی فەرمانڕەوایـی بریتانیـا لـە کۆتاییەکانـی سـەدەی هـەژدە دا وەک یەکەمیـن نموونـەی سـەرکەوتووی مافـی دیاریکردنـی چارەنـووس لـە بەرامبـەر فەرمانـڕەوای دەرەکیـدا ببینـرێ، هەرچەنـدە شۆڕشـی درێژمـاوە و ناسـەرکەوتووی ئێرلەنـد لـە بەرامبـەر فەرمانڕەوایـی بریتانیـا بـەر لـە شۆڕشـەکەی ئەمریـکاش بـوو. بەیاننامـەی سـەربەخۆیی (ئەمریـکا) لەسـەر ئـەو بنەمـا دیموکراتیکـە دامـەزرا کـە ڕەزامەنـدی لـە دەسـەڵات تاقـە بنچینـەی ڕەوایـی حکومەتـە. لـەو کاتـەدا کۆڵۆنییەکان لـە پارلەمانـی بریتانیـا نوێنەریان نەبـوو و بێجگە لـەوە، خـودی فەرمانڕەوایـی بەریتانیـش ڕەنگـدەرەوەی خواسـتی جەمـاوەری داگیرکـراو نەبـوو.

دیاریکردنـی چارەنـووس وەک میکانیزمێـک کار بـۆ دەسـتەبەر کردنـی وەڵامێکـی دیموکراتیـک بۆ ئەو پرسـیارانە دەکات: «کـێ بڕیـار دەدات؟»، «خەڵـک کێیـە؟»، و «هاوسـەنگیی هێـز لـە نێـوان زۆرینـە و کەمینـەی کۆمەڵگایەکـدا چییـە؟» دیاریکردنـی چارەنـووس لەسـەر بنەمـای ڕەزامەنـدی خەڵـک دامـەزراوە. لـەم خاڵـەدا دوو پرسـیاری گرنـگ هەڵدەتۆقـن: کـێ خەڵـک پێناسـە دەکات؟ میکانیزمەکانـی پێناسـەکردنی [خەڵـک] چین؟

ئارمانجـی دیاریکردنـی چارەنـووس قوڵکردنـەوەی دیموکراسـییە. هەرچەنـدە هێزگەلـی پتـەو هـەن کـە لـە هەمبەر

قوڵکردنـەوەی دیموکراسـیدا ڕادەوەسـتن و بەهێزترینیـان نەتەوە-دەوڵەتـە کـە بـە تـەواوی مانـاوە وەک سـەرەکیترین ئەکتـەری گۆڕەپانـی سیاسـەت دەمێنێتـەوە.

نەتـەوەکان بـە شـێوەیەکی بەرچـاو پێناسـەگەلی جۆراوجـۆر لـە بنەواشـەی دیاریکردنـی چارەنـووس و هەروەهـا دیموکراسـی قەبـوڵ دەکـەن. بـۆ ئـەم بابەتـە چەنـد پێکهێنـەری سـەرەکی دێنـە پێناسـەکردن؛ لـە نێوانیانـدا: هەبوونـی دەزگایەکـی دادوەریـی سـەربەخۆ، دەسـەڵاتەکانی یاسـادانان و جێبەجێکردن، و هەروەها پەسـەند کردنـی مافی مرۆڤ. گرنگـە ئامـاژە بـەوە بـدرێ کـە لـە کاتێکـدا هێندێـک لـە ئەندامانـی کۆمەڵـی نێونەتەوەیـی ئامـادەی جێبەجێکردنـی بنەواشـەی دیاریکردنـی چارەنووسـن لـە بـواری سیاسـەتی ناوخۆیـی دا یـان بـۆ نەتەوەیەکـی سـەربەخۆ (جیـاواز)، هێندێکـی تریـان کورتـی دەکەنـەوە بـۆ پرۆسـەی دامالْینـی داگیـرکاری. لـە ڕوانگـەی بهـالاوە دەبـێ جیاکارییـەک بکـرێ لەنێـوان دیاریکردنـی چارەنووس و جیابوونـەوە دا، چونکـە یەکەمینیان دووهەمـی ڕاناوەسـتێنێ (١٩٩١, p.٩٨). لـەم ڕوانگـەوە جیابوونـەوە وەک بەشـێک لـە ناکۆکییەکـی ناوخۆیـی سـەرنجی دەدرێتـێ کـە کۆمەڵـی نێونەتەوەیـی نابـێ دەسـتتێوەردانی تێـدا بـکات. دیسـان لـەم ڕوانگـەوە ئـەوە کـە «تـا چ ڕادەیـەک کێشـەی ئـەو گروپـەی بـەدوای سـەربەخۆیی لـە دەوڵەتـی دایکـە یەکلایـی دەکرێتـەوە، جـا بـە ئاشـتیانە یـان بـە زەبروزەنـگ، ئـەوە ئیـتر کێشـەی دەوڵەتـی دایکـە». هـەر چەنـدە بهـالا ڕای وایـە کـە:

«هیـچ ئاشـتییەک دەسـتەبەر نابێـت، مەگـەر هەمـوو خواسـتە نەتەوەییـەکان دانیـان پێـدا بنرێـت. مەبەسـتی بنەڕەتـی بنەواشـەی دیاریکردنـی چارەنـووس بـۆ گەرەنتـی کردنـی ئەوەیـە کـە هەمـوو خەڵـک خاوەنـی حکومەتـی هەڵبژێـردراوی خۆیـان بـن کـە لـە ڕێگـەی ناسـنامەی هاوبەشـیانەوە وەڵامـدەری پێداویسـتییە سیاسـی و جڤاکییەکانیان بێـت» (١٩٩١, p. ٩٨ff).

## ● ئەو هێزە سەرەکیانە چین کە ڕێچکەکانی [دیاریکردنی چارەنووس]یان شکڵ پێداوە و پێ دەدەن؟

لـە سـەدەی نۆزدەهـەم دا، شۆڕشـی کولتـووری دنـەدراو لـە لایـەن ڕۆمانتیسـیزم گیانێکـی نوێـی بـە بـەر زمـان و کولتـوورە خۆماڵییەکانـی سەرانسـەری ئەورووپـا دا کـرد. بـە تێڕوانینێکـی سیاسـی هەڵکشـانی دیاریکردنـی چارەنووس لـە دەرکەوتنـی تەڤگـەرە نەتەوەییەکانـی ئەورووپـا دا خـۆی نیشـان دا کـە بـەدەر لـە ئیمپڕاتۆریەتـە گـەورە فـرە-ئەتنیکییـەکان و بەشـگەلێک لـە ئیمپڕاتۆریەتـەکان کـە بـە سـەر ناوەنـد و ڕۆژهەڵاتـی ئەورووپـادا فەرمانـڕەوا بـوون، بـە شـوێن دروسـت کردنـی دەوڵەتـە نەتەوەییەکانـی خۆیـان دا بـوون. لـەو دەمـە دا گروپـە نەتەوەییـەکان بەرگرییـان لـە

مافی دروست کردنی دەوڵەتی خۆیان دەکرد، ئاکامی ئەم پرۆسەیە زێدەبوونی ئەڵمانیا و ئیتاڵیا بوو بە نەتەوە-دەوڵەتە مۆدێرنەکانی دیکەوە.

کاتێک باس لە دیاریکردنی چارەنووس دەکەین، گرنگە دان بەوەدا بنێین کە نەتەوە یان دەوڵەتە بچوکترەکان بەشێوەیەکی گشتی بەستراوەی ئەکتەرە زلهێزە جیهانییەکانن. کۆبان دان بەوەدا دەنێت کە کێشەی سەرەکی سەقامگیریی نێونەتەوەیی پەیوەندی بە خۆپێناسەکردنی کۆمەڵەکانەوە هەیە کە خاوەنی وشیارییەکی سیاسی تایبەت بە خۆیانن، جا نەتەوەیی بن یان ناوچەیی. کۆبان پێی وایە کە گشتپرسی ئامرازێکی ئاڵۆزە لە سیاسەتی نێونەتەوەیی دا. ئەگەرچی لە دیدی ئەووەوە «هەر کاتێک ژیان و مانەوەی کۆمەڵێکی نەتەوەیی جیاواز تووشی گرفتێکی جیددی ببێت، ژیرانەترین شێوازی چارەسەری پرسەکە گەڕانەوە بۆ دەنگی جەماوەرە" (١٩٤٥, p. ١٧٤).

دێموکراسی و دیاریکردنی چارەنووس خزمی نزیکی یەکترن. هەر چەندە لە ئێستادا وا دێتە بەر چاو کە پەرۆشی بۆ دیموکراسی لەگەڵ ڕوانینێکی دژوازانەی نەرێنی لە هەمبەر جیابوونەوە یەکانگیرە (Gauthier, ١٩٩٤, pp. ٣٥٧-٣٧٢; Philpott, ١٩٩٥, pp. ٣٥٢-٣٨٥; Walzer, ١٩٩٢, pp. ١٦٥-١٦٩) ئالێن بوکانان جیاوازییەک بەرجەستە دەکاتەوە لەنێوان ڕوانگەی "مافی بێ ئەملاولای گشتپرسی" کە باس لەوە دەکات هەر گروپێک مافی جیابوونەوەی هەیە ئەگەر بتوانێ (دەنگێکی) فرە بە قازانجی جیابوونەوە لە بەشێکی دیاریکراوی نیشتمانی دەوڵەتێکی هەبوو کۆبکاتەوە، لە گەڵ ڕوانگەی "ماف تەنیا بۆ چارەسەرکردن» کە باس لە مافی فەرمانڕەوایی دیموکراتیک وەک مافێکی گشتی و مافی جیابوونەوە بەس وەک مافێکی چارەساز دەکات و بە پارێزەوە ڕووبەڕووی بابەتی جیابوونەوە دەبێتەوە. واتە وەک دوایین چارەسەر بۆ هێندێک گروپی توشبوو بە نادادپەروەرییەکی جیددی لەلایەن دەوڵەتەوە(١٩٩٧, pp. ٣٤ff, ٢٠٠٦). ئەم ڕوانگەیە داکۆکی لە [پابەندبوون] بە دیموکراسی دەکات و ڕاوەستەیەکی سنوردار لەسەر جیابوونەوە دەکات.

گرنگە ئاماژە بەوە بدرێت کە بەشداریکردنی گەلانی داگیرکراو لە شەڕی جیهانی یەکەم و شەڕی جیهانی دووهەم دا بە شێوازێکی بەرچاو لە ڕزگاربوونی وڵاتە داگیرکراوەکان دا ڕۆڵی هەبوو. واتە لە سەردەمێک دا کە بە هۆی ژمارەی فرەی ئەو خەڵکانەی کە کەوتبوونە ژێر بانەدۆری، دیاریکردنی چارەنووس دەبوو بە «کاریگەرترین ئایدیای گەردوونی». داماڵینی داگیرکاری نیشانی دا کە قەبارە، جووڵەی ئابوری, بنەچەی ئەوروپی، یان ڕەنگی سپی پێش پێدڤی مافی دیاریکردنی چارەنووس نین (Ronen, ١٩٧٩, p. ٢٠). بە پێچەوانەوە ئێمە لە جیهانێکدا دەژین کە تیایدا ژمارەیەکی ڕوو لە هەڵکشانی خەڵک خوازیاری مافی دیاریکردنی چارەنووسن کە لەگەڵ ژیانێکی باشتر، دیموکراسی، پاراستنی پێوەندارێتی و ناسنامە گرێ دراوە.

لە ئێستادا پێشبینی دەکرێت کە پرۆسە دیموکراتیکەکان بە مەبەستی دیاریکردنی چارەنووس و پاراستنی ناسنامە زیاتر ببن. بەجیهانیبوون هاوکار بووە بۆ دروست کردنی سیناریۆیەکی نوێی سیاسی کە تیایدا پەیوەندییە زۆر و زەوەندەکان و هەروەها گەرۆک بوونی ئایدیا و میناکەکانی دیموکراسی ڕێگە بۆ فۆرمە تازەکانی کردەوەی سیاسی دەکەنەوە. بۆ نمونە لە ساڵی ١٨١٥ دا کێ باوەڕی دەکرد کە تا ساڵی ١٩٤٥ پەنجا دانە دەوڵەت دەبن بە ئەندامی هاوشانی یەکتر لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دا؟ یان کوا چاودێرێکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٤٥ دا دەیزانی کە لە ساڵی ١٩٧٩ دا سەد و پەنجا دەوڵەتی سەربەخۆ دەبن بە ئەندامی ئەو یەکەیە؟(Ronen, ١٩٧٩, p. ٢٠) خێرایی پەیوەندییەکان و زۆربوونی تەڤگەرەکانی دیموکراتیک کردن دیمەنی سیاسەت دەگۆڕن و ڕێگە بۆ دەرکەوتنی فۆرمگەلی نوێی فەرمانڕەوایی دەکەنەوە، بەو ئاراستەیە دا کە گۆڕانکاری لە کردەوە سیاسییە باوەکانی ئێستا دا دەکەن و تێگەگەلی نوێی دینامیکی لە دیموکراسی و دیموکراتیک کردن دەخەنە جێگەیان.

چاوەڕێ دەکرێ کە هەوڵەکان بۆ بەرپێگرتنی داخوازی دیاریکردنی چارەنووس درێژەی دەبێت و سەرکردە سیاسییەکان و زاناکان بە ڕاشکاوی بەدوای ڕێ وشوێن دا دەگەڕێن بۆ سنوردارکردنی ئاراستەگەلی جوداییخوازانە و بۆ چارەسەرکردنی «ململانێ ئەتنیکییەکان» بە ئامرازگەلی جۆراوجۆر(Musgrave, ١٩٩٧; Ronen, ١٩٧٩, p. ٢١). لە هەمان کاتدا فاکتۆری دیکەش بە ڕێگەی هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتە هەنوکەییەکان دەبنە هۆکاری زێدەبوونی کیانە سیاسییەکان. کەواتە تەکوزێکی نوێی جیهانی چێ دەکەن کە نها خەریکە وەدی دێت. هەرچەندە دیاریکردنی چارەنووس مافی جیابوونەوەش لە خۆ دەگرێ، زیاتر وا وێدەچێ کە داخوازی بۆ دیاریکردنی چارەنووس ئاکامی بنیاتنانی چوارچێوە سیاسییە تازەکان و پەیوەندییە سیاسییەکانە لە نێو کەمینەکان و زۆرینەکان، لەگەڵ دنەدانی دروست کردنی ڕێکخراوەی سیاسی داهێنەرانە و ڕێکخستنی سیاسی بۆ دانان بە هێزی پێوەندارێتی دا.

لە سەدەی بیست و یەکدا چوار هێزی سەرەکی شکڵ بە ڕێچکەی دیاریکردنی چارەنووس دەدەن و کاریگەری دەخەنە سەری. ئەوانیش ئەمانەن:

★ پێکەوەیی (دیاریکردنی چارەنووس) لەگەڵ تێگەی دیموکراسی لەسەر بنەمای دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، دیموکراسی ڕاوێژکارانە و ئازادی تاک.

★ گرنگیی نوێبۆوەی نەتەوە وەک کۆمەڵی چارەنووس.

★ زێدەبوونی تەڤگەرە کۆمەڵایەتییەکان و ڕێکخستنە سیاسییەکان لە ئەورووپا و واوەتریش، وەک لە کاتالۆنیا، سکۆتلەند، ڤینیتۆ، گرینلەند، باڤاریا، و فلاندەرز دەبینرێ. و هەروەها لە ئۆکراین، کریمیا و لە باکوری ئەفریقا ئەو

شوێنە کە «بەهاری عەرەبی» بوو بە هۆکاری گۆڕانکاری سیاسی خێرا لە پانتایی جیهانی عەرەبی دا. سەرەتا وەک نارەزاییەکی بچوکی جەماوەری لە دژی ڕژێمە دیکتاتۆرییە بەتەمەنەکان دەستی پێکرد و لە تەنیا چەند ڕۆژێکی کەم دا بوو تەڤگەرێکی بەرفراوان کە توانای هاندانی گۆڕینی ڕژێمی هەبوو.

★ کاریگەری تۆڕە جڤاکییەکان لە بەهێز کردنی ئەو پەیوەندییە تازانەی کە لەسەر بنەمای هەستی گرێدراوێتی بە کومەڵگا مەجازییەکان بوو، کاریگەرییەکی ڕاستەقینە، نزیک، واتادار و بەپەرۆش بوو بۆ هاندانی ڕێکخستنی سیاسی بۆ دەستخستنی کۆمەڵێک ئامانجی جۆراوجۆر و هێندێک جارانیش پێکدژ. بەرفرەیی ئەو شۆڕشانە شتێکی نوێ بوو. هەروەها خێرایی و سەرکەوتنی شۆڕشەکان نایاب بوو، تەنانەت مەیلی سەرکردە سیاسییەکان بۆ دەستبەرداربوون لە دەسەڵات بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش خێرا بوو. چ شتێک جیاوازیی خولّقاند؟ لە سەر ڕۆڵی فەیسبوک، تویتەر و ئینتەرنێت لە بڵاوکردنەوەی پەیامی نارەزایەتییەکان، وێنەکان و هەواڵەکان زۆر قسە دەکرێت. هەتا ئێستاش ئەوە بە شتێکی نائاسایی دەبینرێ کە دەکرێ هەزاران کەس بە دەستی خەڵکانی نەناس ڕێک بخرێن. خەڵکێک کە قەت یەکتریان نەدیتووە یان دەنگی یەکتریان نەبیستووە. خەڵکێک کە ڕەنگە ناوی ساختە بەکار بهێنن، خەڵکێک کە مەبەست و متمانەیان تاقی نەکراوەتەوە. خەڵکێک کە لە دۆخی ئێستا دا وەکوو "قارەمان" پێناسە دەکرێن بەڵام ڕەنگە سبەینێ بەپێی ئاراستەی گۆڕانکارییەکان بگۆڕدرێن بۆ "پیاوخراپ".

## ● بەڵێن و مەترسییە سەرەکیەکانی دیاریکردنی چارەنووس کامانەن؟

دیاریکردنی چارەنووس لە لایەن لایەنگرەکانییەوە وەکوو هێزێک بۆ پەتەوکردن و لە لایەن دژبەرەکانیەوە وەکوو مەترسییەک بۆ سەقامگیری سیاسی وەسف دەکرێت. لە کاتێکدا هەموو بابەتەکە هەڵوێستێکی سۆزدارانەی بەهێزە لە بەرژەوەندی یان لە دژی دیاریکردنی چارەنووس.

داخوازییەکانی دیاریکردنی چارەنووس زۆر جار ڕووبەڕووی هۆڤێتییەکی ئاشکرا دەبنەوە، چونکە بەربەستی سەرەکی دەخەنە سەر ڕێی یەکپارچەیی نەتەوە-دەوڵەت. لە کۆمەڵگا نەریتییەکاندا کردارگەلی وەکوو نافەرمانی و خۆدزینەوە لە خۆگونجاندن وەکوو سەرچاوەی جۆراوجۆری ململانێ و گرژی و ئاڵۆزی چاویان لێ دەکرێت و شیاوی سزای قورسن. زیاترینیان سزادانی جەستەیی لەبەر چاوی خەڵکە، بەڵام قەرەبووی مادی و هەروەها وەدەرنان و ڕاوونانیش هەن کە بۆ گێڕانەوەی خەڵک (لەم کارانە) دەستنیشان کراون.

زۆربەی جاران کردارەکانی نافەرمانی و سەرپێچی ڕێخۆشکەری گوزاری کۆمەڵایەتین و زیاتر کاتێک ڕوو دەدەن کە کەسانی پێشڕەو لە بوارگەلی ئەندێشە، لێکۆڵینەوە و کار سەرەتا سەرکۆنە دەکرێن بەڵام دواتر ئاوڕی جیدییان لێ دەدرێتەوە. شکاندنی نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان لە هێندێک نمونە دا ئامرازێک بووە بۆ نوێگەریی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتن. شتانێک ڕەنگە لە قۆناغێک دا سەیر و نامۆ بێنە پێش چاو، بەڵام دواتر وای لێ بێت کە زۆریش پەسن بدرێن. بۆ میناک دەکرێ دەرکەوتنی ژنان لە فەزای گشتی دا، هەڵوەشاندنەوەی کۆیلەتی، ڕزگاریی ڕەشپێستەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، و داماڵینی داگیرکاری لە دوای شەڕی مەزن بەم ئاراستەیە دا بخوێنرێنەوە.

بۆ هێندێک کەس دیاریکردنی چارەنووس لەخۆگری ئازادی هەڵبژاردن لە سەر بنەمای بنەواشەی ئۆتۆنۆمی و فەرمانڕەوایی گشتیی زاڵ بەسەر لیبراڵ دیموکراسییەکانی خۆرئاوایە. لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازی گرنگ لە مانا ڕاڤەکراوەکانی دیاریکردنی چارەنووس، ئازادی، و دیموکراسی لە چوارچێوەی کولتووره سیاسییە جیاوازەکان دا هەن.

## سنورە نوێ و گرنگەکانی لێکۆڵینەوە لە دیاریکردنی چارەنووس کامانەن؟

سنور، حدودێک، بەربەستێک، و هێڵێکە کە بێ ڕێپێدان تێناپەڕێندرێ. هەروەها زۆنێکی بڤەیە کە زیاتر بە ئامرازی سەربازی کۆنترۆڵ دەکرێت و ئەرکەکەشی پاراستنی یەکپارچەیی خاکی نەتەوە-دەوڵەتە. سنورێکی سەرەکی بۆ دیاریکردنی چارەنووس ئەوەیە کە بە مەبەستی بەدەستهێنانی ڕەوایی دەبێ شوێن بنەمای ڕەزامەندی بکەوین. هەرچەندە لە هێندێک دۆز دا ناکۆکییەکان ڕوو لە هەڵکشانن لەسەر ئەوەی کێ وەک «خەڵک» حیسابی بۆ بکرێت- (خەڵک) واتە ئەو کەسانەی کە سەبارەت بە ڕەزامەندی و بڕیاردان لەسەر داهاتووی سیاسی خۆیان مافدارن. ئەمە تەنگژەیەکی سەرەکییە بۆ ئەو خەڵکەی داوای مافی دیاریکردنی چارەنووس دەکەن، چونکە داهاتوویان بەرەو ئەو ئاقارە دەچێ کە گەلۆ لە پاڵپشتیی دەوڵەتێکی بەهێزی خۆیان سودمەند دەبن یان دەست بە سەر نوێنەرایەتی بەرژەوەندییە ژیۆپۆلیتیکی یان ئابوورییەکانیان دا دەگیرێت. لەم بەشەدا من ئاماژە بە دۆزی کاتالۆنیا دەدەم و هەروەها هەڵوێستی نەرێنی دەوڵەتی ئیسپانیا لەمەڕ ڕێگەدان بە ڕیفراندۆمێکی پەیبەست بە جێبەجێبوون سەبارەت بە دیاریکردنی چارەنووسی کاتالۆنیا باس دەکەم.

## سەبارەت بە جیابوونەوەخوازی کاتالان

بەپێی یاسای بنەڕەتی ئیسپانی، ئیسپانیا یەک «گەل»ە کە لە هەموو ئیسپانیۆڵییەکان پێک هاتووە؛ کاتالۆنییەکان وەک بەشێک لە گەلی ئیسپانیای یەکینە لەبەر چاو دەگیرێن و ئەمەش بەشێوازێکی خۆکار هەر هەوڵێک بۆ بەڕێوەبردنی ڕیفراندۆمێک بە مەبەستی دیاریکردنی چارەنووسی کاتالۆنیا بە نایاسایی دەخەملێنێ، مەگەر ئەوەی کە دەوڵەت ڕێگای پێ دابێت. هەر بەو ئاراستەیەدا مادەی ژمارە ٢ی یاسای بنەڕەتی ئیسپانیا دەبێژێ کە «یاسای بنەڕەتی لەسەر یەکیەتی هەمیشەیی نەتەوەی ئیسپانیا و نیشتمانی هاوبەش و لێکدانەبڕاو بۆ هەموو ئیسپانیۆڵییەکان داڕێژراوە» و مادەی ژمارە ٨ دەبێژێ کە «ئەرکی ئەرتەش پاراستنی سەروەری و سەربەخۆیی ئیسپانیا و بەرەڤانی لە یەکپارچەیی خاک و یاسا بنەڕەتییەکەتی».

لە کاتالۆنیا بەهۆی سنووردارکردنەوەی لەمێژینەی داخوازییەکان بۆ بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمییەکی سیاسی بەرینتر، بێمتمانەیی بەربڵاوی سیاسی و تووڕەیی لە سیاسەتمەداران و سیستمی سیاسی تێکەڵ بە نادڵشادی دەبێت. ئەوان هەروەها لە کورتهێنانی دارایی کاتالۆنیا و بەفەرمینەناسینی کاتالۆنیا وەک نەتەوەیەک لە نێو ئیسپانیا دا گازندە دەکەن. پرسگەلی کولتووری و ناسنامەیی لە نێو داخوازییەکانی ئەواندا بە زەقی دیارن.

لە کاتالۆنیا سەرچاوەی گۆڕانکاری لە شەراکەتی دەسەڵاتەوە بۆ جیابوونەوە ئاکامی دوو پرۆسەی هاوتەریبە. یەکەم، پەرەبوونی دیموکراسی ڕێگەی بە خەڵک داوە بێ ترس خواستە سیاسییەکانیان دەربڕن-ئەمە شتێکی نوێیە بۆ کۆمەڵگایەک کە نزیکەی چل ساڵ دیکتاتۆریی بە سەر دا بڕابوو-و لە هەمان کاتیشدا بە ڕەوایان دەزانی. نەوەی نوێی پێگەیشتوو لە نێو ئیسپانیای دیموکراتیک دا خواستەکانی ئەوان و لە ناویشیاندا مافی بڕیاردان لەسەر داهاتووی سیاسییان بە ئامرازگەلی وەکوو گشتپرسی بە ڕەوا دەزانێت، وەک چۆن ئەمە لە دیموکراسییە ئەورووپییەکانی تریشدا بۆ نموونە لە سکۆتلەند داوا دەکرێت. ئەم بابەتەش لە ئەنجام دا خولیای کاتالۆنییەکانی بۆ ڕێکخستنێکی جەماوەی بە مەبەستی نیشاندانی بێزاریی خۆیان لە دۆخی هەنوکەیی لێدەکەوێتەوە.

دووهەم، دەوڵەتی ئیسپانیا لە هەموو کەس زیاتر دژایەتی کردووە لە گەڵ دانپێدانان بە کاتالۆنیا وەکوو نەتەوەیەک و داواکانیان بۆ شەراکەتی زیاتر لە دەسەڵات دا. لە هەمان کاتیشدا بەرگری لە ڕوانینێکی ناوەندگەرا بۆ دەوڵەت دەکات کە هاوبەشە لە نێوان کۆنەپارێز و سۆسیالیستەکان دا. کاتێک لە کاتالۆنیا چاوپێکەوتنم ئەنجام دان، خەڵکانێک بە ئینتمای سیاسی جیاوازەوە چەندین جار باسیان لە وەڵامنەدانەوەی داخوازییەکانیان لەمەڕ ئۆتۆنۆمییەکی بەرینتر بۆ کاتالۆنیا دەکرد (نەک جیابوونەوە لەو کاتەدا). هەروەها ئاماژەیان بە هەڵپەساردنی بەشگەلێک لە یاسای ئۆتۆنۆمی ساڵی ٢٠٠٦ دەکرد. دوای ئەوە ناچار کرا کە پێملی یاسای بنەڕەتی بێت و بە هۆی ڕێفراندۆمی ڕۆژی هەژدەی مانگی شەشی ساڵی ٢٠٠٦ گەمارۆی خرایە سەر. ئەم کارە لە ئەورووپای

مۆدێـرن دا تـا ئێسـتا ئەنجـام نەدرابـوو و خوازیـاری ئـەوەش بـوون کـە کورتهێنانـی دارایـی کاتالۆنیـا بـە ڕێڤەبەریـی ناوەنـدی لـە مادریـد ببەسـتنەوە. ئـەم هۆکارانـە کـە ناوەرۆکێکـی بەهێـزی هەسـتەکییان لـە پشـت بـوو، قەڵشـتی نێـوان کاتالۆنیـا و دەوڵەتـی ئیسـپانیایان قووڵـتر کـردەوە. بـەو جـۆرە کـە هەسـتکردن بـە نامۆیـی لـە نێـو بەشـە بەرچاوەکانـی خەڵکـی کاتالۆنیـا زێدەتـر بـوو کـە خـۆی لـە هەڵکشـانی بزووتنـەوەی مەدەنـی جودابیخوازانـە لە پێنـج سـاڵی ڕابردوو بەمـلاوە نیشـان داوە.

لـە قۆناغـی گـوزار بـۆ دیموکراسـی و دوای نزیکـەی ٤٠ سـاڵ دیکتاتـۆری، ناسـیۆنالیزمی زۆرینـەی کاتالانـی بەرگـری لـەو ئایدیایـە دەکـرد کـە بیـردۆزی «یـەک نەتـەوە، یـەک دەوڵـەت» یارمەتـی نەتـەوە بـۆ دەسـتەبەرکردنی گەشـەی هەمەلایەنـە نـادات. لـە ئەنجـام دا دەسـەڵات لـە نێـو ئیسـپانیا دا دابـەش کـرا و جیابوونـەوە ڕەت کرایـەوە. بـەڵام ئـەم دۆخـە لـە سـاڵی ٢٠٠٠ ڕا بـە شـێوازێکی بەرچـاو گۆڕانـکاری بەسـەر دا هـات. لـە ئێسـتادا بزووتنەوەیەکـی جودابیخـوازی جەماوەریـی کـە خـۆی بـە پرۆئەوروپی و دیموکراتیـک پێناسـە دەکات، داوای مافی خەڵکـی کاتالۆنیا بـۆ بەڕێوەبردنـی ڕیفراندۆمێکـی پێبەسـت بـە جێبەجێبـوون دەکات دەربـارەی ئـەوە کـە ئاخـۆ کاتالۆنیـا دەبـێ ببێتـە دەوڵەتێکـی سـەربەخۆ یـان نـا؟ کـە ئەمـە هەتـا ئێسـتا بـە تـەواوی لـە لایـەن دەوڵەتـی ئیسـپانیاوە ڕێگـەی لـێ گیراوە.

کاتالۆنیـا لـە نێـو ئیسـپانیا دا وەکـوو گەلێکـی جـودا حیسـابی بـۆ نەکـراوە و هـەر بڕیارێـک کـە کاریگـەری بخاتـە سـەر ڕەوشـی سیاسـی ئـەوێ، پێویسـتە لە لایـەن هەمـوو شـارۆمەندانی ئیسـپانیا و لەوانـەش کاتالۆنییەکانـەوە گەمارۆی بخرێتـە سـەر. مـن نـاوم لـە (کاتالۆنییـەکان) نـاوە «کەمینـەی نەگـۆڕ». چونکـە کەمینەیەکـن لـە ئیسـپانیا دا و هیـچ شانسـێکیان نییـە بـۆ ئـەوەی دەنگیـان ببیسـرێ، مەگـەر ئـەوەی سیاسـەتگەلی نـوێ دابڕێژرێـن کـە تیایانـدا بـوار بـۆ کەمینـەکان بڕەخسـێت تـا دەسـەڵاتی «دەنـگ» و «ڤیتـۆ»ی خۆیـان بـە کار بهێنـن.

## ● کۆبەند

دەبـێ ڕێگـە بـە کاتالۆنیـا بدرێـت کە گشتپرسـییەک لەسـەر بنەمـا دیموکراتیکەکان بـۆ سـەربەخۆیی بەڕێـوە ببات. گشتپرسـییەکان ئامـرازن بـۆ دابیـن کردنـی وەڵامـی ڕوون لـە لایـەن شـارۆمەندانەوە کـە بە شـێوەیەکی ڕێـک و پێـک لە لایـەن لیـبراڵ دیموکراسـیە ئەوروپییـەکان و لـە نێـو ئەوانیـش لە لایـەن ئیسـپانیاوە بەکار هێنـراون. پرسـیارێکی گرنگ کـە دەبـێ لێـرە بپرسـین ئەوەیـە کـە بۆچـی بزووتنـەوەی نەگـۆڕی جوداییـنەخـوازی کاتالۆنیـا گـۆڕا بـۆ بزووتنەوەیەکی جودابیخـوازی بەرەوپێـش؟ چ شـتێک پاڵـی بـە گۆڕانکارییـەوە نـا لـە شـەراکەتەوە بـۆ جودایـی؟ ئایـا هەمـوو

حیزبەکان بێ دوودڵی هەموو هەوڵی خۆیان داوە بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی ئاشتیانەی دیموکراتیک بۆ ئەم دۆخە قەتیسە؟ لە کاتالۆنیا ترس لە دیکتاتۆریەت هەنوکە هەیە لە نێو ئەو کەسانە دا کە لە زەمەنی شەڕی ناوخۆیی ئیسپانیا دا ژیاون، (شەڕێک) کە دیکتاتۆرییەتی لێ کەوتەوە. زیندووبوونەوەی پڕڕەنگی کۆنەپارێزی و ناوەندگەرایی لە ئیسپانیای هاوچەرخ دا تێگەیشتنێکی نەگۆڕی لە یاسای بنەڕەتی ئیسپانیا لێ دەکەوێتەوە. ئەم ئاراستەیەش ڕێگە لە گەشەی زێدەتری دیموکراسی وەکوو پڕۆسەیەکی دینامیکی کە دەبێ بەردەوام نۆژەن بکرێتەوە، دەگرێت.

## References


Bhalla, R. S. (1991). The right of self-determination in international law. In W. Twining (Ed). Issue of self-determination (pp. 91-101). Aberdeen: Aberdeen -university Press.

Buchanan, A. (1997). Theories of Secession. Philosophy and Public Affairs, 26(1), 31-61

Buchanan, A. (2006). -uncoupling Secession from Nationalism and intrastate autonomy from Secession. In H. Hannum (Ed.), Negotiating self-determination (pp. 81-114). London: Routledge.

Cobban, A. (1945). National self-determination. London: OUP.

Gauthier, D. (1994). -breaking up: An essay on secession. Canadian Journal of Philosophy, 24(3), 357-372.

Guibernau, M. (2014). Catalan secessionism: Young people's expectations and political change. The International Spectator: Italian Journal of International Affairs, 49(3), 106-117.

Musgrave, T. D. (1997). Self-determination and national minorities. Oxford: Clarendon Press

Philpott, D. (1995). In defense of self-determination. Ethics, 105, 352–385.

Ronen, D. (1979). The quest for self-determination. New Haven, CT: Yale University Press.

Walzer, M. (1992). The new tribalism. Dissent, 39(2), 165–169.